# مانگی ڕەمەزان مانگی جیهاد کردنە

[ کردي – کوردی – kurdish ]


پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# شهر رمضان شهر الجهاد

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# مانگی ڕەمەزان مانگی جیهاد کردنە

بەندەکانی خوا: جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورەدا فەزڵێکی گەورەی هەیە لە ئیسلامدا، وەهۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی عیزەتی دونیا ودوارۆژ، وە موسڵمانان زەلیل نەبوون تا ئەو کاتەی وازیان لە جیهاد کردن هێنا وباوشیان بە ژیانی دونیا کرد.

وەبیرخستەوەی جیهاد کردن لەم مانگە پیرۆزەدا، بیرخستنەوەیەکە بە ڕابردوێکی پرشنگدار، ئەمڕۆ هەموو موسڵمانان پێویستیان پێیەتی، تا لەم زەلیلی ودواکەوتنە درچن وئیتر نەبن بە کەفی سەر ئاو ودوژمنانی ئیسلام زاڵ نەبن بەسەریاندا...

وە بیرخستەوەی ڕابردوو دەبێت بۆ پەند وەرگرتن بێت وسوودی لێوەرگرین بۆ دروستکردنی ئەمڕۆمان ودانانی نەخشەیەك بۆ پاشە ڕۆژمان.

موسڵمانانی ئازیز: بزانن کەوا خوای گەورە فرمانی داوە بە جیهاد کردن، وە وسفی ئەو کەسەی کردوە کە خۆی بەخت دەکات لە پێناو خوادا وەکو ئەوکەسەی خۆی دەفرۆشێت بە خوا، وە چاکترین فرۆشتنیش ئەو فرۆشتنەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَىٰ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ ۚ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ

﴿فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ ۚ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [التوبة :١١١].

واتا: بەڕاستی خوا کڕیویەتی لە باوەڕداران گیان و ماڵیان بەوەی کە بەهەشتیان دەداتێ (ئەو بڕوادارانە) جەنگ دەکەن لە ڕێ ی خوادا ئینجا (بێ باوەڕان) دەکوژن و (خۆشیان) دەکوژرێن (شەهید دەبن) ئەمە بەڵێنێکی ڕاستە (و خوا بڕیاری داوە) لە سەرخۆی لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا جا کێ بە بەڵێن و پەیمانی خۆی وەفادارترە لە خوا؟ کەواتە مژدە بەخشن و شادمان بن بەو فرۆشتنەتان کە مامەڵەتان پێ کرد (بەڕاستی) هەر ئەوەیە گەیشتن بە ئامانجی زۆر گەورە.

وە خوای گەورە جیهادکردنی ناوناوە بە بازرگانی، بەڵام بازرگانێك لەگەڵ خوای گەورە، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ * تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [الصف :١٠،١١ ].

واتا: ئەی کەسانێ کە باوەڕتان هێناوە ئایا بازرگانیەکتان نیشان بدەم کە ڕزگارتان بکات لە سزایەکی پڕ لە ئازار. بازرگانیەکەش ئەمەیە باوەڕ بێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی وە تێبکۆشن لە ڕێ ی

خوادا بە سامان و گیانی خۆتان ئەمەتان باشترە بۆ خۆتان ئەگەر ئێوە بزانن.

وە دربارەی فەزڵی جیهاد کردن لە فەرموودەکانی پێغەمبەر خوادا (صلی اللە علیە وسلم) زۆرن، لەوانە:

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: (الصَّلَاةُ لِوَقْتِهَا). قَالَ: [قُلْتُ]: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: (بِرُّ الْوَالِدَيْنِ). قَالَ: [قُلْتُ]: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: (الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ). فَمَا تَرَكْتُ أَسْتَزِيدُهُ إِلَّا إِرْعَاءً عَلَيْهِ[ رواه مسلم ].

واتا: (عبداللە) کوڕی (مسعود) دەڵێ: پرسیارم کرد لەپێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) کام کار زۆر چاکە؟ فەرمووی: (نوێژ لەکاتی خۆیدا) دەڵێ: [وتم] پاشان چی؟ فەرمووی: (چاکە کردن لەگەل دایك و باوکا). وتم: پاشان چی؟ فەرموی: (جهاد لە ڕێی خوادا) بۆیە پرسیاری ترم نەکرد لەبەرئەوەی ئەزیەتی نەکەم.

وە بەندە پلەوپایەی بەرز دەبێتەوە بە هۆی جیهادکردنەوە، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە:

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ الله (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (يَا أَبَا سَعِيدٍ، مَنْ رَضِيَ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيًّا، وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ). فَعَجِبَ لَهَا أَبُو سَعِيدٍ فَقَالَ: أَعِدْهَا عَلَيَّ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَفَعَلَ، ثُمَّ قَالَ: (وَأُخْرَى يُرْفَعُ بِهَا الْعَبْدُ مِائَةَ دَرَجَةٍ فِي الْجَنَّةِ، مَا بَيْنَ كُلِّ دَرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ). قَالَ: وَمَا هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: (الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) [ رواه مسلم ].

واتا: (أبو سعيد)ی (الخدری)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (ئەی (أبو سعید) هەر کەس ڕازی بێت بەوەی خوا پەروەردگاری بێت و محمدیش پێغەمبەری بێت، بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەبێت (أبو سعید)یش سەری سوڕما وتی: بۆم دووبارە بکەرەوە ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش بۆی دووبارە کردەوە، پاشان فەرمووی: (شتێکی دیکەیش کەبەندە تیایدا سەد پلە لە بەهەشتا پێی بەرز و بڵند دەبێتەوە، هەر نێوان دوو پلەش بە ئەندازەی نێوان ئاسمان و زەوییە) وتی: ئەوە چییە ئەی پێغەمبەری خوا؟. فەرمووی: (جیهاد کردنە لە ڕێگەی خوادا، جیهاد کردنە لە ڕێگەی خوادا).

وە مەبەست لە جیهادکردن لە ئیسلامدا بریتی نیە لە کوشتنی خەڵك وخوێن ڕشتن بە ناهەقە، یان بێوەژن کردنی ئافرەتان وکاولکردنی وڵات، بەڵام مەبەست لێی بڵاوکردنەوەی ئاینی خوای گەورەیە لە سەر زەوی ولابردنی هەموو کۆسپ وڕێگرێك لە پێش بانگەوازی ئیسلامی.

وە مانگی ڕەمەزان مانگی جیهاد کردنە، وە لەم مانگە پیرۆزەدا دوو جەنگی گەورە رویداوە لە ژیانی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیە وسلم:

یەکەم: جەنگی بەدری گەورە، کە خوای گەورە کردیە جیاکەرەوە لە نێوان حەق وناحەقدا، وە بووە هۆی عیزەتی موسڵمانان.

دووەم: فەتحی شاری مەککەی پیرۆز، کە بووە هۆی لابردنی غوربەتی ئیسلام وکەوتنی هەموو ئالاکانی نەفامی وبتپەرستی.

هەروەها ئەم مانگە پیرۆزە لای پێشینی ئوممەتی ئیسلامی مانگی جیهاد وکردنەوەی وڵاتان بووە.

بەڵام لەم سەردەمە ئەم تێگەیشتنە بەرامبەر مانگی ڕەمەزان گوڕاوە لە دەرونی زۆر لە موسڵمانان، وە بوەتە مانگی تەمبەڵی وپاڵدانەوە وخەو وخواردن وخواردنەوە، وە ئەمەش شکستێکی بەرچاوە، بۆیە دەبێت ئەم تێگەیشتنە ڕاست بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئومەتی ئیسلامی جارێکی تر مانگی ڕەمەزان بکات بە مانگی جیهاد وپەرستش وخۆبەختکردن، وە دەبێت بەو شێوەیە بژێین هەر چۆن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ژیاوە لەم مانگە پیرۆزەدا.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد

وعلى آله وصحبه أجمعين